# بەیان

لە بەرەبەیانێکی پڕ هیوادا
ئەو کاتەی لەژێر پەتوویەکی چاوەڕوانیدا
گینگلم ئەدا،
چرپەیەك هات و
وتی:
نیازت نیە ئەم پێخەفی مەراقە
جێ بهێڵی؟
چرپە بووە پەنجەی " ئەتۆنیس " و
پێڵوی چاوەکانی کردمەوە
پرچی زەرد و درێژی خۆر
لە پشتی پەردەی ژوورەکەمەوە
بەدەم شنەی "با"وە
بۆ بەیانێك پێدەکەنی،
چاوەکانم شەوقیان ئەدا
بە ڕووی ئاڵی ئەوینێك و
بە گوڵی وشەی بەربەیانی،
هێندە نابات چرپە دەبێت بەدەستێ
وەك نمەی بارانێکی بەهارە
لە کێڵگەی تینووی پەنجەکانما
دا دەکا،
پێنج پەنجەی باریك و درێژ
ئاشنا بە هەلاوی تەنیایی دەستەکانم
لەچاوتروکانێکدا چرپە و پەنجە و دەست
ئەبن بە ماچی ژیان و
ئەبن بە خۆری گەشی بەیانم،
خۆرم تۆیت
بەیانم تۆیت
ئەی ئەوینە دوورە دەست و
باوەشی تەنیای ژیانەکەم،

http://www.angelfire.com/folk/hozak ماڵپەڕی هۆزاک

ئاوەنیا پیران
15.09.02